
# (بەغدا و نەخشەی قەڵاچۆکردن)

## (٣)



ئەحمەد سالار



ئەو رژێمانەی فەرمانڕەوای عێراقیان بە پینە و پەڕۆ دروستکراویان ئەکرد، لە هەنگاوە چەپەڵەکەی (سایکس بیکۆ)ی ریسواوە، خەم و مەراقی گەورەیان قەڵاچۆکردنی بایەخە بنەڕەتییەکانی نەتەوەی کورد بووە. دیارە هەر لەسەر پیادەکردن و پەیڕەو کردنی ئە نەخشە ورد دارێژراوە بوو، پاش ئەنجامدانی پیلانی بێ شەرمانەی (ئەلجەزائیر)، رۆژ بە رۆژ رژێمی بەغدا کشەی لە جەستەی نەتەوەکەمان ئەکرد، داوای ژمارەیەك رۆشنبیری کوردیان کردبوو لە بەغدا ئامادەبین، منیش یەکێك بووم لە ناو ئەو کەسانەدا. لە شوێن و کاتی دیاریکراودا، لە پەیمانگای راهێنانی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی بەرامبەر دەزگای رادیۆ و تەلەڤزیۆنی عێراقی ئامادەبووین، ژمارەمان چل کەسێکی دیار بوو.

لە هۆڵەکە دانیشتین و بەرامبەرمان (محەمەد سەعید سەحاف و دکتۆر عبدولکەریم) (وابزانم وای ناو بوو) لەگەڵ (عەبدوڵڵا حاجی مووسا) کە بەڕێوەبەری رادیۆی کوردی بوو، کەوتنە سەر باسی زمانی کوردی و گرفتەکانی، بە قسەی ئەوان، گوایە کەس لە کەسی حاڵی نابێ و ئەمەش گرفتێکی ئەوتۆیە کە چار ناکرێ و باشتر وایە خۆ بە زمانی عەرەبییەوە بگرن.

ئەوەی خەریك بوو پشتگیرم بکاو هەراسانی کردم، یەك دوو چڵکاوخۆری بەناو کورد بوون، زۆر بە خوێن گەرمییەوە کەوتنە پشتگیری و داکۆکی لەو رایە. ناچار مام هەستا و لەبری باسکردنی زمانی عەرەبی کەوتە هەژمارکردنی خەوش و ناتەواوییەکانی زمانی عەرەبی و کە بەدەست چ کلۆڵییەکی زمانە بێ سەر و بێ بەر و نامۆ نامۆکانیانەوە ئەناڵێنن. ئەوسا کەوتە سەر زمانی کوردی کە چۆن ئاساییە هەر ناوچەیە شێوە زارێکی خۆی هەبێ، بەڵام لە بنەمادا یەکن، تەنانەت زۆر جار هەر لە شارێکدا، گەڕەکێ لەگەڵ گەڕەکێ تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەمە گرفت نییە، چونکە لەیەکدی ئەگەین، زمانەکەشمان لەو زمانانەیە کە گەلێك دەربڕە و هەر لە دەنگی پیتە پێکهێنەرەکانی وشەکانیدا واتاو شتەکان و مەبەستەکان بە روونی ئەبینین، ئەوا لەم هۆڵەدا ئەو برادەرە بە کرمانجی ژووروو ئەدوێ و ئەو برایەش بە هەورامی، بە باشی لە یەکدی ئەگەین، ئەگەر وا نییە با یەکێ لەو بەڕێزانە بڵێ وا نییە. بەڵام ئێوە بەو هەموو جیاوازیانەی هەر لە چوارچێوەی عەرەبی عێراقدا هەیە ئەڵێن چی؟

ئەی داخوا لە شێوەزارێکی جەزائیری و مەغریبی ئەگەن. راستە ئێوە زمانی قورئانی پیرۆز ستاندارە، ئەی باشە ئەگەر بەو (فصحی) و (عامیە)دا، جیاوازی ئاسمان و رێسمانە. بۆ ئەوە بۆ ئێوە خۆتان واتەنی: گرفتێکی گەورەیە. ئەی بۆچی بۆخۆتان بێ گرفت و تەنگ و چەڵەمەیە؟! ئەمە ئەوەیە کورد پێی ئەڵێ: ((بانێکە و دوو هەوا))!؟

دەستەکە سەیری یەکتریان کرد و پاشان سەریان نا بەسەری یەکدییەوە و بەلەپی دەستیان مایکەکانیان کپکرد، دوایی بە زمانێکی ئەوتۆ کە لەژێرو سای هەر وشەیەکەوە هەڕەشە و گوڕەشەیەکی گەرم خۆی ئەنواندو ئەدوا، کەس لەسەرم نەهاتە قسە، تەنها بۆ خوا ئەڵێم شەهید (شاکر فەتاح) نەبێ کە جگە لەوەی ئامۆزاین پیاوێکی هەق پەروەرو بوێر بوو. بەبێ خواحافیزی لێکردن هاتینەدەرێ و بۆ رۆژی دوایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی رۆشەنبیری کوردیم کرد و چوومە لای خوالێخۆشبوو (د.ئیحسان فوئاد) کە بە گەرمی دەستخۆشی ئەو قسانەی لێکردم بۆیان گێڕابوویەوە. رۆژ بە رۆژ پتر کاریان بۆ ئەکردم، ئەوە بوو ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستاو فەرمانبەرانی عەرەبیان ئەنارده کوردستان،(ئەمن) بەسەر دوکان و شوێنەکانەوە ئەگەڕا و داوای لێئەکردن تابلۆکانیان بکەن بە عەرەبی. هەر بۆ درزخستنە نێوانی کوردەوە، بە هەموو شێوەیەك ئەیانوسیت دووبەرەکی بخەنە نێوان بادینان و سۆرانەوە. بۆیە هەستان بە جیاکردنەوەی رۆژنامە بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو و گەلێ شتی دیکە، لێرەدا ئەوەم بیرکەوتەوە، رۆژێك لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان کە باسی ئەو خۆپیشاندانەی هونەرمەندانی بەردەم پەیمانگا کرا، لەو رۆژانەدا بوو، کە کورتە دانوسانێ لە نێوان (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) و رژێمدا کرا، کە هەڤاڵانی یەکێتی لەو ماوەیەدا لە سورداش بوون، ئیدی لە سەرکردایەتی ڕژێمەوە فەرمانی بە بەعسی کردنی پەیمانگە دەرچوو، بەڕێوەبەرەکە کە کابرایەکی بەعسی تکریتی بوو، کۆی کردینەوە و پێی وتین: لەمەودا نەك کە وانە هەر ئەبێ بەزمانی عەرەبی بێ، ئەو لە کاتی وچان وپشووی نێوان وانەکانیشدا، چ لەگەڵ قوتابی و چ فەرمانبەر و خزمەتگوزاریشدا هەر بە عەرەبی بدوێن.

وتم: زۆر چاکە ئوستاد، ئەوە داوای چاکەیەك ئەکەم، بزانە عەرەبییەکەم چۆن چۆنییە؟ پاش کەمێك بێدەنگی، خۆی گرژ کردو وتی: دیارە گاڵتەت بە بڕیارەکە دێ. دەستی بە زەنگەکەی بەردەمیا نا و ئەو خوشکەی چاپەس بوو، هاتەژوورەوە و پێی وت بزانە مامۆستا ئەحمەد بە عەرەبی داوای چاکە ئەکات، ناوی خانمەکە کوردی بوو، کەوتە وەرگێڕانی ناوەکە و دەستکاری کردنی بە سەر و بۆر و سەقەتییەوە، هێندە داڕشتنێکی تاقی کردنەوەی وزاری درێژەم پێدا و بە (سجع) ئەمگوت هێندە تەنگم پێهەڵچنی. ناچار روویکردە چاپەسەکە و لێی پرسی: حاڵی بووی؟ ئەویش

قوڕبەسەرێکی نەخوێندەوار، وتی: نە بەخوا. بەڕێوەبەر دایە پێکەنین و پێی وت: ئەڵێ هەتا من هەبم چای ناخۆمەوە ئەو وازملێهێنا و پارێزیەتی.

هەر لەو سالانەدا ئەگەر هونەرمەندێك بیویستایە بەرهەمێك لە رادیۆ، یان تەلەڤزیۆن تۆمار بکات، ئەبوو تێکستەکەی بکردایە بە عەرەبی، گرفت لەوەدا بوو، لەلایەکەوە، بەتایبەتی فۆلکلۆری کوت و مت نەئەکرا بە عەرەبی و ئەو واتایەی نەئەدا کە مەبەست بوو، لەلایەکی تریشەوە زۆربەیان ئەو توانایەیان نەبوو کە تێکستەکە بگۆڕن بە عەرەبی. ئەبوو سۆراغی کەسێك بکات فریای کەوێ. هەر چۆن سەردەمێ نامەیەکیان بۆ بهاتایە ئەبوو ئەم گوند و ئەو گوندی بۆ بکەن هەتا مەلایەك، یان فەقێیەك، یان کۆلکە خوێندەوارێ ئەو تەلیسمەیان بۆ بکاتەوە.

زۆر جار تیپی مۆسیقای سلێمانی داوایان لە من ئەکرد کاری وەرگێڕانی تێکستی گۆرانییەکانیان بۆ بکەم، ئەمزانی ئەبێ چەندە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ شیعرەکەدا بکەیت، چونکە ئەوان، هەر چۆن (ئەحمەد عەباس)ی شیوعی وتبووی: ((ئیستعمار لە سێبەری خۆشی ئەسڵەمێتەوە)).

جارێکیان برادەرێك گۆرانییەکی فۆلکلۆری کردبوو بە عەرەبی کە ئەڵێ: ((پاوانەکانی ئەزرینگێتەوە قافڵە لە عەجەمێ ئەیگێڕێنەوە)) سانسۆر گۆڕیبوویان: لە عەجەم ناگەڕێتەوە!؟

ئەم مەسەلەیە، هەروەك مەسەلەکەی (ئەحمەد و ئاغا)ی والی بەسرایە.

ئەو والییە لە چلەی هاوینی بە سەردا ئەبێ، گەرما زیفی لێئەهێنێ و هاواری لێ هەڵئەسێ: ئەرێ پێم ناڵێن ئەمە گەرما دۆزەخ ئاسایە چییە؟

-:جەنابی والی ئەمە گەرمای خورمای گەنانی پێئەڵێن، خورما پێئەگات.

-: کەواتە با هەرچی دارخورما هەیە ببڕێتەوە.

هەرچەندە ئەیانەوێ تێیبگەیەنن، خورماگەیان چییە و گەرماکە چییە، ئەو حاڵی نابێ و هەر ئیستەرەمیەتی لەسەر قەڵاچۆکردنی دارخورما. هەتا تەواو تێیئەگەیەنن ئەو گەرمایە گوناهی دارخورمای تیادا نییە. خەریك ئەبێ خورما لە بەسرە بنبڕبکرێ. دیارە رەقیبە کەللەپووتەکانیش هەر لەو ئاستەدابوون. ئەوە هەر بۆ پێکەنین، جارێکیان یەکێ لەو کەللەپووتانە هێڵی راست و چەپ بەسەر ئەو دێڕەدا ئەهێنێ کە نووسراوە: ((بەر قەڵا مەڕۆ پشت قەڵا رێتە)) ئەڵێ: هەبێ و نەبێ ئەمە شتێکی خراپی تیایە، بۆچی ئەڵێ (بەر قەڵا مەڕۆ) نەخێر، ئەبێ بڵێ، بەر قەڵا بڕۆ و پشت قەڵا مەچۆ. خۆم هەر لەو سالانەدا چوومە بەسرا بەرپرسێك خۆی شێت و شبر کردبوو ئەینەڕان: هەتیمێ لە کوێسنجەق هاتووە، ناوی (حاجی قادر)ە، شیعرێکی سەقەتی هێناوە، نازانێ ئێرە چ رادیۆیەکی مەزنە.

: ئێ باشە چیت لە شیعرەکەی ئەو حاجی قادرە کرد؟

: ویستم بۆی چاککەم، بەڵام نەئەکرا، بۆیە دڕانم.

: تۆ ئوستاد ئەزانی حاجی قادری کۆیی کێیە؟

: بەڵێ ئەوە بوو کە کردمە دەرێ.

: ئوستاد حاجی قادری کۆیی لە هەرە مەزنە شاعیرانی گەلی کوردە.

ئەگەر عەرەب شانازی بە (مەعەڕی)و (موتەنەبی)و (ئەبوفیراس)ـەوە بکات، ئەوە ئێمە شانازی بەو حاجییەوە ئەکەین. بۆ زانیاری ئوستاد، حاجی قادر لە ساڵی (١٨١٥) لەدایك بووە و ساڵی (١٨٩٢) کۆچی کردووە.

: نایابە؟!

: بەڵێ ئوستاد.

کاتێ چوومە بنج و بناوانێ تۆمەس شیعرەکەش ئەم شاکارەی حاجی بوو:

((کە هەستا قامەتی بەرزی لە فەرقی تاوەکو ئەرزی
پەرێشان زوڵفی سەر تەرزی بەیەکدا داڕژاو لەرزی))

ئەوە سەربوردەی چاودێرێکی رۆشنبیری ئەو رۆژانە بوو، ئەمە ئەو سەیر و سەمەرەیە، کە دەڵێ ((بەدترین بەڵا ئەوەیە ئەمانخاتە پێکەنین))، ئایە ئەمەش (ئەنفال) نییە؟؟

ئەنفال بەدوای ئەنفالدا و نابڕێتەوە، هەر لەو سالانەدا بڕیاری کێشانەوەی گردکردنەوەی سەرجەم ئەو کتێبخانانەی بۆنی کورد و کوردایەتیان لێوە ئەهات، بەتایبەتی کتێبەکانی مێژووی کورد و کوردستان، یان ئەیانسووتاند، یان هەواڵەی کارگەی کاغەز دروستکردنی بەسەڕەیان ئەکرد، بۆ لە ناو چوونیان هەر لەهەمان گۆشەنیگای شەڕە ئەنگێزیانەوە، کەوتنە کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکان، سەرەتا هەواڵەی (دار المخگوگات العراقیە)یەیان لە بەغدا ئەکرد، لەوێش یان لەناوئەبران، یان ئەشێوێنران. لە هەر شوێنێ بووم، یەکەم شت کە بیرم لێکردبێتەوە کتێبخانە بووە. ئەوە بوو پاش ئەوەی پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە سلێمانی کرایەوە، هەوڵی دروستکردنی کتێبخانەمان دا، سەرم بە هەموو ئەو شوێنانەدا ئەکرد بە بۆنی بەخشینی کتێبی لێئەهات، یەکێ لەو جارانە چوومە کتێبخانە نیشتمانی بەغدا، ژمارەیەکی باشی کتێبیان پێمان بەخشی، کابرایەکی کارمەند لە گەنجینەیەکی ژێرزەمینی کتێبخانەکەدا ئاماژەی بۆ کۆمەڵە کتێبێ کرد و وتی: ئەتوانی لەوانەش هەڵبژێری، ئەوانە کوردین، پێویست بە ناونیشان نووسینیان ناکات.

کە سەیرم کرد، وامزانی بەسەر خەزێنەیەکی گرانبەهادا کەوتووم.

کۆمەڵێ کتێبم بەرچاو کەوت کە لەناونیشانە (پڤە)کانی ئەو رۆژگاری قەڵاچۆیە بوو، ئەوەی لە زەینما ماو، چەند ژمارەیەك لە کتێبەکانی (مامۆستا رەفیق حلمی) و (مێژوونووس ئەمین زەکی) و (چیم دی) یەکەی (مامۆستا ئەحمەد خواجە) و چەند کتێبێکی نازدار و بەنرخ، دیار بوو ئەو کارمەندە لە نهێنی وەلاوە نانی ئەو کتێبخانانەی نەئەزانی.

بەڵام بەداخەوە لە راپەڕیندا، لەلایەکەوە پێشمەرگە قارەمانەکان و هاووڵاتیانی شەڕەفمەند لە هەڵمەتی ئازادکردندا بوون، لەو لاشەوە شەڕەخۆر و دز و جەردەش خەریکی تالانی و وێرانکردنی بوون، پەیمانگاکەمان تالانکرا و کتێبخانە نازدارەکەشمان سووتێنراو دامرکایەوە. ئەو تالانپیسانەش هەر تلپەی رژێم بوون...

**هونەرمەندێک بیویستایە بەرهەمێک لە رادیۆ، یان تەلەڤزیۆن تۆمار بکات، ئەبوو تێکستەکەی بکردایە بە عەرەبی، گرفت لەوەدا بوو، لەلایەکەوە، بەتایبەتی فۆلکلۆری کوت و مت نەئەکرا بە عەرەبی و ئەو واتایەی نەئەدا کە مەبەست بوو، لەلایەکی تریشەوە زۆربەیان ئەو توانایەیان نەبوو کە تێکستەکە بگۆڕن بە عەرەبی. ئەبوو سۆراغی کەسێک بکات فریای کەوێ**



# تیرۆن له پیری ناترسێت

خانمه ئەستێرەی سینەمایی چارلز تیرۆن بۆچوون و تێڕوانینێکی جیاوازی لەگەڵ زۆربەی ئافرەتان هەیە دەربارەی یەکێك لە هەستیارترین بابەت لەلای ئافرەتانەوە کە ئەویش بریتییە لە پیری و جوانی، چونکە بە هەموو شێوەیەك نایانەوێ خۆیان لە باسی ئەم دوو بابەتە بە دوور دەخەن و زۆر جار تەمەنی راستیی خۆشیان دەشارنەوە.

چارلز تیرۆنی بە رەچەڵەك ئەفریقی کە بە یەکێك لە جوانترین ئەستێرە سینەماییەکان ناسراوە و ئێستا تەمەنی لە سەرووی ٣٠ ساڵییەوەیە، بەڵام ئەوەی رەتکردەوە کە نەشتەرگەریی جوانکاری ئەنجام بدات، یان بیریشی لێ بکاتەوە، هەرچەندە بۆ ئەستێرەیەکی سینەمایی کە بە جوانی ناسراو بێت ئەم کارە زۆر گرنگە.

تیرۆن لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (ئەنترڤیۆ) رایگەیاند: من ئێستا تەمەنم سەرووی ٣٠ ساڵییە، بۆیە کاتێك لە ئاوێنەوە سەیری خۆم دەکەم هەست دەکەم کە رووخسارم گۆڕاوە لەو کاتەوە پێوەندییەکی جیاواز لە نێوان من و خودی خۆم دروست دەبێت، چونکە ئەمە بۆ من زۆر زەحمەتە کە لە بوارێکدا کار دەکەم گرنگییەکی زۆر بە رووخسار دەدرێت و بە بەشێکی سەرەکیی هۆکاری سەرکەوتن دەزانرێت، بەڵام من زۆر خۆشحاڵم بەو گۆڕانکاری و ئەو لۆچانەی لە رووخسارم پەیدا بوون و هەستیان پێدەکەم.

تیرۆن لەم بارەیەوە زیاتر وتی: هەندێك جار کە سەیری خۆم دەکەم هەست دەکەم پێویستم بە بەکارهێنانی کرێمە، بەڵام بیر لەوە ناکەمەوە رۆژێك لە رۆژان نەشتەرگەری ئەنجام بدەم، لەوانەیە کە تەمەنم گەیشتە ٦٠ساڵ ئەم کارە ئەنجام بدەم، چونکە دایکم ئێمەی وا پەروەردە کردووە کە زیاتر گرنگی بە جوانی ناخی خۆمان بدەین نەك رووخسار.



# شاروخ خان بە ماهیرا سەرسامە

ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان هیندستان و پاکستان بوونەتە سیناریۆی زۆر لە فیلم کە هەر هەمووشیان بانگەشەی ئاشتی و سەقامگیری لەو ناوچەیە دەکەن، بەڵام هەر یەکیان بە جۆرێك باسی دەکەن کە خۆیان بە خاوەنی راستەقینەی ناوچەی کشمیر دەزانن و هەندێك جاریش باس لەوە دەکەن تەنیا خەڵکەی ئەم ناوچەیە بووەتە قوربانی ناکۆکی و ململانێ سیاسییەکان.

جگە لەوەش ئەکتەرانی هەردوولا لە زۆری کاری هاوبەشدا بەشدار بوون، یەکێك لەو ئەکتەرە پاکستانیانەی کە هەنگاوە سەرەتاییەکانی بە بۆڵیۆد دەست پێکرد ماهیرا خان بوو ئەم سەرکەوتنەی ماهیرا بووە مایەی سەرسامیی شاهرۆخ خانی ئەستێرەی سینەمایی بۆڵیۆد، هەرچەندە رایگەیاند کە زۆر سەرسامە بە کارەکانی ماهیرا، بەڵام چەند سەرچاوەیەك رایانگەیاند کە شاهرۆخ خان ئێستا دڵی بۆ لێدەدا بەتایبەتی کە رۆڵی لەگەڵدا دەبینی لە دوایین فیلمی خۆی بەناوی (ریس)، شارۆخ خان لە کاتی وەرگرتنی دکتۆرای فەخری لە لەندەن وتی: ماهیرا زۆر جوانە و شێوازێکی تایبەت و جیاوازی هەیە ئەمەش ئێمەی زیاتر هاندا بۆ ئەوەی لەم فیلمە رۆڵی سەرەکیی پێ بدەین، بۆیە کار کردن لەگەڵ ماهیرا بۆ من تام و چێژێکی تایبەتی هەیە.

# پزیشکەکانی جانێت ڕێگایان پێ نەدا گۆرانی ئاهەنگ سازبکات



خانمە گۆرانیبێژی ئەمریکی جانێت جاکسۆن داوای لێبووردنی لە جەماوەرەکەی کرد و رایگەیاند کە ناتوانێت ئەو گەشتە هونەرییە ئەنجام بدات کە ماوەیەکە خۆی بۆ ئامادە دەکات و پێشتر بەڵێنی بە جەماوەرەکەی خۆی دابوو لە چەند وڵاتێك و بڕیار بوو سەرەتا لە ویلایەتی دنیڤەر دەست پێبکات لە ٢٤ی مانگی رابردوو.

جانێت لەم بارەیەوە رایگەیاندە کە پزیشکەکانی ڕێگەی پێنادەن گۆرانی بڵێت و پێویستی بە حەسانەوە هەیە و نابێ تا ماوەیەکی دیکە گۆرانی بڵێ بۆ ئەوەی زیان بە ژێیەکانی دەنگی نەگات و بە یەکجاری دەنگی لە دەست نەدا.

جانێت لە نامەیەکدا بۆ جەماوەرەکەی دەڵێ: دەمێکە خۆم بۆ دیدەنی ئێوە و سازدانی ئەم کۆنسێرتانە ئامادە کردووە، بەڵام پزیشکان پێیان باشە کە لەم ماوەیەدا گۆرانی نەڵێم و منیش ناتوانم سەرپێچی فەرمانەکانیان بکەم، چونکە ئەوانە بەرژەوەندی من باش دەزانن، من دڵنیام ئێوە بەم بڕیارەی من دڵگران دەبن، بەڵام منیش پێویستم بە حەسانەوە هەیە، تکێتەکانتان هەڵبگرن، چونکە من کۆنسێرتان دووبارە دەکەمەوە ولەسەر ڕێنمایی پزیشکان کاتێکی دیکە بۆ کۆنسێرتەکان دیاری دەکەین و بە دیداری ئێوە شاد دەبم.

هیوا سوعاد:

# حکومەت بە هیچ بیانوویەک نابێت پشت لە هونەرمەندان و کاری هونەری بکات

**ئەو بارودۆخەی ئێستا کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت لە قەیرانی ئابووری و شەڕی نەگریس و نەخوازراوی تیرۆریستانی داعش کاریگەریی نەرێنی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان کردووە، هونەری شانۆش یەکێکە لەو بوارانەی کە زۆرترین زیانی بەرکەوتووە و کاریگەرییەکانی بە ئاشکرا بەسەر ئەم بوارەوە دیارە، چونکە نمایشەکان ئێستا دەگمەن بوون و فیستیڤاڵەکانیش وەستاون، سەبارەت بەم پرسە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ هیوا سوعاد بەڕێوەبەری هونەری شانۆ ئەنجام بدەین کە بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** پێش قەیرانەکانی کوردستانیش هونەر و شانۆ زۆر لە بوارەوە وەکو پێویست نەبوون، ئێستا شانۆ لە چ دۆخێکدایە؟**

- هەڵبەت هەموو بوارەکانی ژیان لە کوردستان کاریگەر بوون بەم دۆخەی ئێستا بەتایبەتیش بواری شانۆ.چونکە ئێمە وەك ژێرخان دوو هۆلمان لە دەستدا و تیپەکان بودجەیان نەماو وەزارەتی رۆشنبیریش توانای پاڵپشتی دارایی نەماوە لە کاری هونەری و بە حوکمی ئەوەی زۆربەی هونەرمەندان مووچەخۆرن زیاتر لە دوو سێ مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە، ئەمانە هەمووی هۆکارن کە شانۆ سست بێت وچالاکیە شانۆییەکان کەم ببنەوە و لە هەمووی گرنگتر هونەرمەندان بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری سەدا سەد پشتیان بە هاوکاری ماددی بە ستبوو لەلایەن حکومەتەوە. کار لەسە ر پلیت و داهاتی نمایشەکان نەکرا بوو.

**●شانۆکاران دەستەوەستان وەستاون، یان لە هەوڵدان بەردەوامن؟**

-هەوڵێکی زۆر هەیە نمایشەکان بەردە وام بن و چەندین بەرهەمی شانۆیی خۆبەخش وسیمیناری هونەری خۆبەخشانە ئەنجامدراوە، ئێستاش بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی شانۆ چەند شانۆگەریەك لە قۆناغی پرۆڤە کردنن.

*** رێککەوتنی کاری هاوبەشتان لەگەڵ چەند وڵاتێك هەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ میسریەکان، ئەوانە بە کوێ گەیشتوون؟**

- ئێستاش هەر بەردەوامین لەگەڵ میسرییەکان و بەم دواییە چەند هونەرمەندێکیان هاتن خۆبەخشانە سێ فیلمی تۆماریان لەسەر شنگال و ئەمنە سوورەکەی سلێمانی و میحوەری مەخموور ئەنجامدا، ئێستاش سیناریۆی فیلمێکی درێژیان ئامادە کردووە کە بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندانی کوردە، چاوەڕێی ئێمە دەکەن بانگیان بکەین، بۆ ئەوەی جێبەجێی بکەین، هەروەها لە هەموو فیستیڤاڵ و چالاکییەکانیان داوەتمان دەکەن و هەمیشە ئامادەن بۆ سازدانی وۆرك شۆپ و خولی هونەری.

*** چۆن هونەرمەندان دەتوانن لەو بارودۆخە دەرباز بن بێ ئەوەی کاریگەری سلبی بکاتە سەر رێڕەوی شانۆ لە کوردستان؟**

- دەبێ هونەرمەندان بیر لە داهاتی نمایشەکان بکەنەوە و هەرچۆنێك بێت هەوڵ بدرێت نمایشی شانۆیی بەردەوام بیت و داهات بۆ کارەکان پەیدا بکرێت، بە مەرجیك هەوڵەکان نەبنە





بیانوویەك ئاستی شانۆ نزم بکرێتەوە، من دڵنیام دەتوانرێ جوانترین نمایشی شانۆیی پێشکەش بکرێت و داهاتیشی هەبێت بە مەرجێك بابەتەکەی نزیك بێت لە واقعی ئەمڕۆ و گوزارشت لە هزری تاکی کورد بکات.

*** شانۆکاران بۆ پشتگیری کردن لە پێسمەرگە چییان کردووە؟**

- زۆربەی ئەو شانۆ گەری و کلیپانەی تۆمارکراون بە مەبەستی پشتیوانی کردن بووە لە پێشمەرگە، بەردەوامیش دەبین لە هاندانی ئە وکارانەی کە گوزارشت لە ئازایەتی و نەبەردی و خۆراگری پێشمەرگە و خانەوادەکانیان دەکەن.

* بارودۆخی هاوشیوەی کوردستان دەبێتە مایەی بێهیوابوونی شانۆکاران، یان بە پێچەوانەوە دەبێتە هاندەرێك بۆ داهێنان؟

- شانۆ لە وڵاتانی جیهان لە بارودۆخی زۆر خراپتر لە وەی کە لە کوردستاندا هەیە نەشونمای کردووە، بەڵام بە چەند تەوژم و ستایلێکی نوێ هاتۆتە مەیدانەکە و دواتر ئەو تەوژمانە کاریگە ری زۆریان لەسەر ڕەوتی شانۆ هەبووە و هەندێکیان تا ئێستاش بوونەتە سومبل، یا وەك ئەزموونیکی بەرز سەیری دەکرێت .بۆیە گەر هونەرمەندان بە دڵسۆزییەوە بێنە مەیدانەکە و حکومەتیش بە ئەرکی خۆی هەڵستێت لە رووی هاوکاریکردن، دڵنیام دەتوانین کاری چاك ئەنجام بدەین وەك هاندەر و پاڵپشتی پێشمەرگە و میللەتەکەمان بین، چونکە ناکرێت حکومەت لە ژێر هەر بیانوویەك بێت، پشت لە هونەرمەندان و کاری هونەری بکات.

**•ماوەیەك پێش ئێستا هەواڵی کۆچی دوایی تۆ بڵاوکرایەوە، کێ بوو ئەم کارەی کرد؟**

-نازانم کێ بوو، بەڵام هەست دەکەم چەند کەسێك بە چالاکی و کارەکانم زۆر قەڵسن و بە ناوی خوازراوەوە شت دەنووسن. هەر بابەتێك بڵاو بکەمەوە برادەران بایەخی پێ بدەن، سەیر دەکەم یەکێك بە ناوی خوازراوەوە زۆر بە نارەحەتی کۆمێنت دەنووسێ و شتەکانیشی هەمووی خەیاڵین و هیچی کاریگەری نەبووە، چونکە فەرمانبەران و برادەران و خەڵکیش و ئەوانەی درۆیەکانیش دەکەن، باشم دەناسن، ئیتر ئەوە بوو هەواڵی مردنی منیان بڵاوکردەوە، یەك دووانێکیشیان سەرەخۆشییان لە کچ و کورەکەم کردبوو. نازانم چ ویژدان و چ عەقڵییەتێکە حەز بە مردنی کەسێك بکەی، نەك لەبەر ئەوەی زیانی هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی چالاکە و ئیش دەکات، یاخود پۆستیکی وەرگرتووە. کەچی کەسێك تەمەننای ڕووخان و لێکترازانی خانەوادەکەی بکات و حەزی لەوە بێت بەرەو چارەنووسێکی نادیار بڕۆن، تەنها بۆ ئەوەی پۆستەکەی جێ بهێڵێت، یان کەسێکی چالاك لەوشوێنە نەبێت. من بیانناسم و نەیانناسم حەتمەن ئەوانە نەخۆشن، بێتوانان، ئەگینا هەر کەسەو لە بواری خۆی دەتوانێ کار بکات و هەر کەسەو بەپێی ئیمکانیاتی خۆی دەتوانێ خزمەت بکات، ئەگەر مەبەستیان خزمەتکردنە. منیش بەپێی شوێنی کارەکەم و وەك دەرهێنەرێك و بەڕێوەبەری یەکێك لە گەورەترین فیستیڤاڵی شانۆیی ناوچەکە، وەك کەسایەتیش ماڵ و ژووری ئۆفیسەکەم هەمیشە جێگەی کۆبوونەوەی هونەرمەندان بووە و حەزم کردووە هەمیشە خزمەتی هونەرمەندان بکەم، بۆیە ئاساییە خەڵکێك چاوی بەوە هەڵنەیەت و شتم بۆ دروست بکات.